# ڕون كردنەوەی كوفرو گومڕایی كەسێك كە وا گومان دەبا دروستە بۆ هەر كەسێك دەر بچێ لە شەریعەتی موحەممەد صلى الله عليه وعلى اله وسلم

نوسینی : پێشەوا عبد العزيز بن عبدالله بن باز رحمه الله
وەرگێڕانی : باوكی حارث

الحمـد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على خاتم الأنبياء والمرسلين نبينا محمد ، وعلى اله وصحبه اجمعين ، اما بعد : گەیشتم بەو وتارەی بلاو كراوەتەوە لە ڕۆژنامەی ( الشرق الاوسط ) لە ژمارەی ( 5824 ) لە بەرواری 1415/6/5هـ كەسێك نوسیوێتی كەناوی لە خۆی ناوە : ........ لە ژێر ناونیشانی : ( الفهم الخاطئ ) تێگەیشتنی هەڵە .
وە پوختەی وتارەكە : ئینكاریە بۆ ئەوەی كە زانراوە لە دینی ئیسلام بە زەرورەت _بەڵگە نەویستەو هەموو موسڵمانێك ئەیزانێ_ . وە زانراوە بە دەق و یەك دەنگی زانایان . ئەویش ئینكاری گشت گری پەیامەكەی موحەممەد صلى الله عليه وعلى اله وسلم بۆ هەموو خەڵك . وە بانگەشەی ئەوەی ئەگەر كەسێك شوێنی موحەممەد صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەكەوێ و گوێ ڕایەڵی نەكات . بەڵكو هەر بە یەهودی یان گاوری بمێنێ ئەوە لەسەر دینی حەقە . پاشان سنوری خۆی بەزاندوە بەرامبەر بە پەروەردگاری جیهانیان سبحانە لە حیكمەتی سزادانی كافران و تاوان باران وە ئەمەی كردووە بە شتێكی گاڵتەو بێ مانا .
وە هەڵساوە بە گۆڕین ( تحريف ) ی دەقە شەرعیەكان و لە شوێنێك دایان ئەنێ كە بۆ ئەوە نەهاتون . وە تەفسیری كردوە بەوەی ئارەزوی بەسەری ئەخوێنێتەوە . وە پشتی لە بەڵگە شەرعیەكان وە دەقە ئاشكراكان كردوە كە بەڵگەن لەسەر گشت گری پەیامی موحەممەد صلى الله عليه وعلى اله وسلم . وە بەڵگەن لەسەر كوفری كەسێك كە گوێی لەو ئەبێ و شوێنی ناكەوێ . وە بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە خوا لە غەیری ئیسلام هیچ دینێك لە كەس وەرناگرێ . تا غەیری بەڵگەكانی تر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لــه دەقــه ئاشــكراكان كــه پــشتی تێ كـردوه . بۆ ئەوەی بە قسـەكانی خەڵكـی نەزان هەڵخەڵەتێن .

ئـەو شــتەی كە ئەو كردویەتی كـوفرێكـی ئاشـكرایە . وە هـەڵگـەڕانەوەیە لە ئیسـلام . وە بــە درۆ خــستنەوەیە بــۆ خــوا سبحانه وە پێغەمبەرەكەی صلى الله عليه وعلى اله وسلم . وەك ئەزانێ ئەوەی وتارەكەبخوێنێتەوە لە ئەهلی زانست و ئیمان .

وە واجـبە لەســەر خــاوەن دەســەڵات ( ولی امـر ) ڕەوانــەی دادگای بكا بۆ ئەوەی داوای تەوبەی لـێ بكرێ وە حوكم بەسـەری بدەن بەوەی شـەرعی پاك پێویستی ئەكات .

وە خـــوا سبحانه وتعالى گــشت گری پەیامی موحەممەدی صلى الله عليه وعلى اله وسلم ڕوون كــردۆتەوە . وە واجــب بــونی شــوێن كـەوتنی موحەممەدی صلى الله عليه وعلى اله وسلم لــه سـەر هەموو جن و مرۆڤ ڕوون كردۆتەوە . وە لەوە بێ ئاگا نیە هەر كەسێك كەمترین پلەی زانستی هەبێ لـه موسڵمانان . خوای بەرز ئەفەرموێ : {قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعاً الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِـي وَيُمِيتُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ}الاعراف 158 واته ( _ ئەی پێغەمبەری خوا _ بڵێ ئەی خەڵكینە من نێردراوی خـوام بـۆ ئێوە هەمووتان ئەو خوایەی خاوەنی ئاسمانەكان و زەویە هیچ پەرستراوێك نـیە شـایانی پەرسـتن بێ تەنها ئەو شایانی پەرستنە ئەژێنێ و ئەمرێنێ بڕوا بێنن بە خــواو بە نێردراوەكـەی كـه پێغەمبەرێكی نەخوێندەوارە ئەو پێغەمبەرەی كـه بڕوای بە خواو بە فەرمودەكانی هەیە وە شوێنی بكەون بەڵكو هیدایەت وەربگرن ) . وە خوای بـەرز ئەفەرموێ : {وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ} الانعام 19 واته : ( وە ئەو قـورئانە بـۆ مـن هاتـوه بـه وەحـی لـه لای خـوا كـه ئێوەی پێ بترسێنم و ئاگادارتان بكەمـەوە وە هەروەها هەر كەسێك كە ئەو قەرئانەی پێ بگات ئاگاداری بكەمەوەو بیترسـێنم ) . وە خـوای بـەرز ئەفەرموێ : {قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ} آل عمران 31 واته : ( _ ئەی پێغەمبەری خوا _ بڵێ ئەگەر ئێوە ڕاست ئەكـەن خواتان خۆش ئەوێ ئەوە شوێنی من بكەون ئەو كاتە خوا ئێوەی خۆش ئەوێ و لـه تاوانەكـانـتان خـۆش ئەبێت ) . وە خوای بەرز ئەفەرموێ : {وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِيناً فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ} آل عمران 85 واته : ( هەر كەسێك داوای ئـەوە بكـا كـه غەیـری دینـی ئیسلام بكا بە دینی خۆی ئەوە لێی وەرناگیرێ و ئەو لە ڕۆژی دوایــی لـه زەرەرمەندانـه _توشــی سـزا ئەبێ_ ) . وە خوای بەرز ئەفەرموێ : {وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيراً وَنَذِيراً} سبأ 28 واتـه : ( وە تۆمان تەنها بۆ ئەوە ناردوە بۆ هەمـوو خـەڵك مـژدەیان بدەیتێ _بە پاداشتی خوا بۆ ئەوانەی بڕوات پێ ئەهێنن_ و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بیانترسـێنی و ئاگاداریان بکـەیتەوە _لـە سزای خوا ئەوانەی بڕوات پێ ناهێنن_ ) . وە خـوای بـەرز ئەفەرمـوێ : {وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ } الانبيـاء 107 واتە : ( وە تـۆمان نـەناردوە تـەنها بۆ ڕەحمەت بۆ هەموو جیهانیان ڕەوانەمان کـردوی ) . وە خوای بـەرز ئەفەرمـوێ : {وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّـوْاْ فَإِنَّمَـا عَلَـيْكَ الْـبَلاَغُ وَاللّـهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ} آل عمـران 20 واتە : ( وە بڵێ _ ئەی پـێغەمبەری خـوا _ بەوانـەی کتابـیان بـۆ هاتـوە _جـولەکەو دیانـەکان _ وە نەخوێندەوارەکان _عەرەب و ئەوانەی خاوەنی کتابی ئاسمانی نین_ ئایا ئێوە هاتنە ناو ئیسلام و موسڵمان بوون و ملکەچ بوون بۆ خوا ئەگەر موسڵمان بن و ملکەچ بن بۆ خوا ئەوە ڕێگای هیدایەتیان گرتووە وە ئەگەر پشت هەڵکەن و ملکەچ نەبن یۆ خواو موسـڵمان نەبن ئەوە لەسەر تۆ تەنها گەیاندنە وخوا بەندەکانی خۆی ئەبینێ _ لای خـوا خـۆیان و کـردەوەکانیان شـاراوە نـابن سـزا وەر ئەگرن لە ڕۆژی دوایی_ ) . وە خوا سبحانە ئەفەرموێ : {تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيراً } الفرقان 1 واتـە : ( ئـەو خـوایە گەورەیـەو بـەرزە لـە هەمـوو سـیفاتەکانی کـە بـۆ بەندەکەی _پـێغەمبەرەکەی_ کتابـێکی جیاکەرەوەی حەق و باتڵ (فرقان) ی ناردووە بۆ ئەوەی بۆ هەمـوو جـیهان بـبێ بـە ئاگـادار کـەرەوەو ترسـێنەر ) . وە بـوخاری و موسـلیم گـێڕاویەتیانەوە لە جابر خوا لێی ڕازی بێ کە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمـویەتی : ( اعطـيت خمـسا لـم يعطهن احد قبلي : نصرت بالرعب مسيرة شهر ، وجعلت لي الارض مسجدا وطهورا فايما رجل من امتي ادركته الصلاة فليصل ، واحلت لـي المغانم ولم تحل لاحد قبلي ، واعطيت الشفاعة ، وكان النبي يبعث الى قومه خاصة وبعـثت الـى الناس عامة ) واتـە : ( پێنج شتم پێ بەخشراوە کە بە هیچ کەسێك _لەپـێغەمبەران_ نەبەخـشراوە لـە پـێش من : خوا سەری خستوم بەترسی مانگە ڕێـیەك _دوژمـنەکانم دووربـن لـێم ئەترسن_ ، وە زەوی بۆمن کراوە بە مزگەوت و پاك _بەنوێـژ_ جا هەر پیاوێك لە ئومەتەکەی من کاتی نوێژی بەسەر هات با نوێژی بکات _لـە هـەر شوێنـێك لـە سـەر زەوی_ ، وە غەنـیمەت _ئـەو ماڵەی لە شەڕی کافران ئـەگیرێ_ بـۆ مـن حـەڵاڵ کراوە وە بۆ هیچ کەسێك حەڵاڵ نەکراوە لە پێش من ، وە شەفاعەتم پێ بەخشراوە ، وە پێغەمبەران ڕەوانە ئەکران تەنها بۆ نەتەوەکەی خۆیان وە مـن ڕەوانـە کـراوم بـۆ هەمـوو خەڵك ) . وە ئەوە ڕوون کردنەوەیەکی ئاشکرایە بۆ گـشت گـری و گـرتنەوەی پەیامـی پـێغەمبەرمان موحەممەد صلى الله عليه وعلى اله وسلم بـۆ هەمـوو مرۆڤەکان . وە بۆ ئەوەی کە هەموو شەریعەتەکانی پێشوی نەسخ کـردۆتەوە . وە بۆ ئەوەی کە هەر کەسێك شوێنی موحەممەد صلى الله عليه وعلى اله



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وسلم نەکەوێ و گوێ ڕایەڵی نەکا ئەوە کافرەو تاوانبارەو شایانی سزایەتی . خوای بەرز ئەفەرموێ : {وَمَن يَكْفُرْ بِهِ مِنَ الأَحْزَابِ فَالنَّارُ مَوْعِدُهُ} هود 17 واتە : ( وە هەر کەسێك لەو حزبانە _هەر کۆمەڵە خەڵکێك کۆبونەتەوە بۆ ڕەت کردنەوەی حەق_ کوفر بەوە بکەن کە خوا ناردویەتی ئەوە ئاگر وەعدی ئەوانە _ ئەچنە ناوی ) . وە خوای بەرز ئەفەرموێ : {فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ} النور 63 واتە : ( با بترسن ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانەکانی پێغەمبەری خوا ئەکەن لەوەی توشی فیتنە بن _توشی گومڕایی و هاوبەش دانان بن_ وە توشی سزایەکی توند بن _لە دونیاو دواڕۆژ_ ) . وە خوای بەرز ئەفەرموێ : {وَمَن يَعْصِ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَاراً خَالِداً فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُّهِينٌ } النساء 14 واتە : ( وە هەر کەسێك سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی بکات وە سنوری کەخوا دای ناوە ببەزێنێ ئەوە خوا ئەیخاتە ناو ئاگرەوە هەتا هەتایە لە ناوی ئەبێ وە سزایەکی ڕیسواکەری بۆ هەیە ) . وە خوای بەرز ئەفەرموێ : {وَمَن يَتَبَدَّلِ الْكُفْرَ بِالإِيمَانِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ} البقرة 108 واتە : ( وە هەر کەسێك کوفر بە ئیمان بگۆڕێتەوە ئەوە گومڕابووەو ڕێی ڕاستی ون کردووە ) . وە ئایەتەکان لەو مانایە زۆرە .

وە خوا سبحانە گوێ ڕایەڵی پێغەمبەری صلى الله عليه وعلى اله وسلم لکاندوە بە گوێ ڕایەڵی خۆی . وە ڕوونی کردۆتەوە کە ئەگەر کەسێك بڕوای بە غەیری ئیسلام هەبێ ئەوە دۆڕاوەو زەرەر مەند بووە و هیچ شتێکی لێی وەرناگیرێ . خوای بەرز ئەفەرموێ : {وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِيناً فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ} آل عمران 85 واتە : ( هەر کەسێك داوای ئەوە بکا کە غەیری دینی ئیسلام بکا بە دینی خۆی ئەوە لێی وەرناگیرێ و ئەو لە ڕۆژی دوایی لە زەرەرمەندانە _توشی سزا ئەبێ_ ) . وە خوای بەرز ئەفەرموێ : {مَّنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللّهَ} النساء 80 واتە : ( هەر کەسێك گوێ ڕایەڵی نێردراوی خوا بکا ئەوە گوێ ڕایەڵی خوای کردووە ) . وە خوای بەرز ئەفەرموێ : {قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا} النور 54 واتە : ( _ئەی پێغەمبەری خوا_ بڵێ گوێ ڕایەڵی خوا بکەن وە گوێ ڕایەڵی نێردراوی _پێغەمبەری خوا_ بکەن جا ئەگەر پشتیان هەڵکرد لەوە سەرپێچیان کرد ئەوە لەسەر پێغەمبەری خوا نیە تەنها ئەوەی پێی ڕاسپاردرا بوو کە گەیاندنی پەیامی خوایە وە لەسەر ئێوەیە تاوانی خۆتان کە گوێ ڕایەڵی خوا وە گوێ ڕایەڵی پێغەمبەری خوا ناکەن وە ئەگەر ئێوە گوێ ڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکەن ئەوە ڕێگای هیدایەتتان گرتووە و هیدایەت ئەدرێن ) . وە خوای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بــەرز ئەفەرمــوێ : {إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أُوْلَــئِكَ هُــمْ شَــرُّ الْبَرِيَّةِ} البينة 6 واتە : ( وە ئەوانەی کوفریان کردوە لە ئەهلی کتاب و هاوبەش دانەران لــە نــاو ئاگــری دۆزەخــن تــا هەتایــە لــە ناوی ئەبن بۆ مردن ئەوانە خراپتــريني خــەڵکن ) . وە موسلیم گێڕاویەتیەوە لە ( صحیح ) ە کەی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمویەتی : ( والذي نفسي بيده ، لا يسمع بي احد من هذه الامة يهودي ولا نصراني ثم يموت ولم يؤمن بالذي ارسلت به ؛ الا كان من اهل النار ) واتــە : ( سـوێنـد بـەوەی نەفـسـی منی بە دەستە . هیچ کەسێك نیە کە ناوی من و بانگەوازەکــەم ببیــستێ لەو ئومەتە _ئومەتی کە بانگەوازیان ئەکەم_ جولەکە بێ یــان دیــان پاشــان بمرێ و بــڕوای نەهــێنابێ بــەوەی کە من پێی ڕەوانە کراوم _پەیامی ئیسلام_ ؛ ئیللا ئەوە لە ئەهلی ئاگرە _دۆزەخیە_ ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بە فەرمودەو بە کردەوەی باتڵی دینی هــەر کەسێکی ڕوون کردۆتەوە کە نەیەتە ناو دینی ئیسلام . ئەو شەڕی کرد لە گەڵ جــولەکەو دیانــەکان . هــەر وەك شــەڕی کرد لە گەڵ غەیری وانیش لە کافرەکان . وە ئەوانەی لەوان جزیەیاندا لێی وەرگرتن تا ڕێگری لە گەیاندنی بانگەواز بۆ ئەوانی تریان نەکەن . وە تا ئەوەی بیەوێ لەوان بێتە ناو ئیسلام بە بێ ترس لە نەتەوەکەی کەڕێی لێبگرن یان نەهێڵن یان بیکوژن .

وە بوخاری و موسلیم گێڕاویەتیانەوە لە ( ابي هريرة ) خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( بينما نحن في المسجد خرج رسول الله صلى الله عليه وعلى اله وسلم فقال : انطلقوا الى يهــود ، فخرجنا معه حتى جئنا بيت المدراس ، فقام النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم فــناداهم فقال : يا معشر يهود ، اسلموا تسلموا ، فقالوا : قد بلغت يا ابا القاسم ، فقال لهم رسول الله صلى الله عليه وعلى اله وسلم : ذلك اريد ، ثم قالها الثالثة ... ) الحديث واتە : ( ئـێمە لــە مــزگەوت بــوین پــێغەمبەری خــوا صـــلی الله علیه وعلی اله وسلم دەرچوو فەرمــوی : بــڕۆین بۆ لای یەهود _جولوکەکان_ دەرچوین لەگەڵی تا گەیشتینە ماڵی (مــدراس) _ئــەو زانایەیــە کــە تــەورات فێری یەهود ئەکات_ . ئینجا پێغەمبەری خوا صـــلی الله علیه وعلی اله وسلم هەڵــساو بانگــی کردن فەرموی : ئەی خەڵکی یەهود . تەسـمـیـل بــن بــە خوا موسڵمان بن سەلامەت ئەبن . وتیان تۆ گەیاندت ئەی باوکی قاسـم . ئیـنـجا پــێغەمبەری خــوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرموی پێ یان : من ئــەوەم ئــەوێ _واتــە خــۆتان شاهــێدیتان دا کــە مــن ئــەو دیــنەم پــێ ڕاگەیاندن ئیتر بەڵگەتان نیە لای خــوا_ . پاشــان ئەمەی دووبارە کردەوە تا سێیەم جار پێی وتنەوە ) .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەبەست لەوە ئەوەیە : کە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم چووە بۆ لای خاوەن دینەکان لە یەهود لە ( ماڵی مدراس _زاناکەیان کە تەوراتیان فێر ئەکا_ ) و بانگی کردن بۆ ئیسلام . وە پێی وتن : ( اسلموا تسلموا ) وە ئەمەشی چەند جار دووبارە کردەوە لە سەریان . وە هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم کتابی ( نامەی ) خۆی ڕەوانە کرد بۆ ( هرقل ) بانگی ئەکرد بۆ ئیسلام . وە هەواڵی پێدا ئەگەر بانگەوازەکەی وەرنەگرێ ئەوە تاوانی ئەوانەشی لەسەرە کە بە هۆی ئەو ئیسلام وەرناگرن . بوخاری و موسلیم گێڕاویەتیانەوە لە کتابە ( صحيح ) ە کانیان کە ( هرقل ) کتابەکەی ( نامەکەی ) پێغەمبەری خوای صلى الله عليه وعلى اله وسلم داوا کرد . جا خوێندیەوە ئەمەی تێدا بوو : ( بسم الله الرحمن الرحيم ، من محمد رسول الله صلى الله عليه وعلى اله وسلم الى هرقل عظيم الروم : سلام على من اتبع الهدى ، اما بعد : فاني ادعوك بدعاية الاسلام . اسلم تسلم ، واسلم يؤتك الله اجرك مرتين ، فان توليت فان عليك اثم الاريسيين ، و {قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئاً وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَاباً مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ } آل عمران 64 واتە : ( بە ناوی خوا کە ڕەحمەت ناوو سیفەتێتی . لە موحەمەد نێردراوی خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بۆ هیرەقل گەورەی ڕۆم : سەلام لە سەر کەسێك شوێني هیدایەت بکەوێ . لە پاشان : من بانگت ئەکەم بە بانگەوازی ئیسلام . موسڵمان بەو ملکەچ بە بۆ خوا سەلامەت ئەبیت . وە موسڵمان بە دوو جار خوا پاداشتت ئەداتەوە . وە ئەگەر پشت هەڵکەیت و موسڵمان نەبیت ئەوا تاوانی جوتیارەکانیشت لە سەرە _چونکە تۆ ئەبی بە ڕێگر لە موسڵمان بونیان _ . و [قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئاً وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَاباً مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ] واتە : [ _ئەی پێغەمبەری خوا_ بڵێ ئەی ئەهلی کتاب _جولوکەو دیان_ وەرن بۆ سەر کەلیمەیەك یەکسان بێ لە بەیني ئێمەو ئێوە کە کەس نەپەرستین تەنها خوا وە هیچ شتێك نەکەین بە هاوبەشی خوا وە هەندێکمان هەندێکی ترمان نەکەین بە پەروەردگار بێجگە لە خوا جا ئەگەر پشتیان هەڵکرد و لەسەر ئەو کەلیمەیە کۆ نەبونەوە بڵێن شاهێد بن کەوا ئێمە موسڵمانین _تەنها خوا ئەپەرستین و هیچ هاوبەشی بۆ دانانێین_ ) . یا شان کە پشتیان کردە ئەو بانگەوازە و ڕەتیان کردەوە بێنە ناو ئیسلام پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە گەڵ هاوەڵەکانی خوا لێ یان ڕازی بێ شەڕی لەگەڵ کردن و جزیەی لەسەر دانان .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وه بــۆ دڵنــیا بــوون لــه ســه‌ر گــومڕایــی ئــه‌وان وه دڵنیا بوون له‌وه‌ی كه ئه‌وان له سه‌ر دینـێكی باتڵن پاش ئه‌وه‌ی كه نه‌سخ بۆته‌وه به دینی موحه‌مه‌د صلى الله عليه وعلى الـــه وســلم . خـــوا فـه‌رمانی به موسڵمان كردووه به‌وه‌ی داوا له خوا بكات له هه‌موو ڕۆژێـك و له هه‌موو نوێژێك و له هه‌موو ڕكاتێك كه هیدایه‌تی بدات بۆ ڕێگای ڕاست ( صـــراط المـــستقيم ) كــه دروســت و وه‌رگـیراوه لای خــوا . ئه‌ویش : ئیسلامه وه دووری بخاتــه‌وه لــه ڕێـگای ئه‌وانـه‌ی توڕه‌یـی خــوایان لـه‌ســه‌ره ( مغـضـوب عليهم ) ئه‌وانیش جــوله‌كه‌و ئه‌مانــه‌ن كــه لــه وان ئه‌چــن له‌وانه‌ی ئه‌زانن له‌سه‌ر باتڵن و سوریشن له ســه‌ری بــه‌رده‌وامن . وه دووری بخاتــه‌وه لــه ڕێـگای گـومڕاكان و سه‌ر لێ شێواوه‌كان ( الــضالين ) ئه‌وانه‌ی خوا په‌رستی ئه‌نجام ئه‌ده‌ن بێ زانست وه واش گـومان ئه‌كه‌ن كه لــه ســه‌ر ڕێـگای هــیدایه‌تن كـه‌چــی ئــه‌وان لــه ســه‌ر ڕێـگای گــومڕایین . ئه‌وانــه‌ش دیانــه‌كانن ( نــصارى ) وه ئه‌وانه‌ی له وان ئه‌چن له ئومه‌ته‌كانی تر كه خوا په‌رستی ئه‌كه‌ن له سه ڕگومڕاییی و نه‌فامی . وه هه‌موو ئه‌مانه ؛ بۆ ئه‌مه‌یه موسڵمان بزانێ زانینـێك گــومان و دوو دڵــی له‌گه‌ڵ نه‌بێ كه هه‌موو دینێك غه‌یری ئیسلام باتڵه . وه هه‌ر كه‌سێك په‌رستن بۆ خوا ئه‌نجام بدات له سه‌ر غه‌یری ئیسلام ئه‌وه گومڕاو سه‌ر لێ شێواوه . وه هه‌ر كه‌سێك بڕوای به‌وه نه‌بێ ئه‌وه له موسڵمانان نیه . وه به‌ڵگه‌ش له سه‌ر ئه‌و باسه زۆره له كتاب و سوننه‌ت .

واجبـیش لــه ســه‌ر خاوه‌نی وتاره‌كه ئه‌وه‌یه كه به په‌له ته‌وبه‌یه‌كی ڕاست ( نصوح ) بكا . وه وتارێكی تر بنوسێ ته‌وبه‌كه‌ی تێدا ڕابگه‌یه‌نێت . وه هه‌ر كه‌سێكیش ته‌وبه بكـا بـۆ لای خــوا ته‌وبه‌یه‌كــی ڕاسـتگۆیانه خــوا ته‌وبــه‌ی لــێ وه‌ر ئه‌گـرێ ؛ لــه بــه‌ر فه‌رمــووده‌ی خــوا سبحانه : {وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعاً أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ} النور 31

واتــه : ( وه ته‌وبــه بكــه‌ن بۆ لای خوا هه‌مووتان ئه‌ی بڕواداران به‌ڵكو ڕزگارتان ببێ ) وه فه‌رمــووده‌ی خــوا ســبحانه : {وَالَّــذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَــرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَاماً . يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَاناً . إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحاً فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَــانَ اللَّــهُ غَفُــوراً رَّحِــيماً } الفـرقان 68_70 واته : ( وه ئه‌وانه‌ی له گه‌ڵ خوا داوا له په‌رستراوێـكـی تـر ناكــه‌ن وه نه‌فسـێك ناكوژن كه خوا حه‌رامی كردوه ئیللا به حه‌ق نـه‌بێ وه زینا ناكه‌ن وه هه‌ر كه‌سێكیش ئه‌مانه بكات ئه‌گات به سزای _له دۆڵێكی دۆزه‌خ نـاوی اثاما_ . سزای بۆ زیاد ئه‌بێ له ڕۆژی قیامه‌ت وه تیای ئه‌مێنێته‌وه _له‌سزا_ به ڕیسوایی و زه‌لیلی . ئیللا كه‌سێك ته‌وبه بكات و بڕوا بێنێ وه كرده‌وه‌ی چاك بكات ئه‌وانــه خوا خراپه‌كانیان ئه‌كات به چاكه وه خوا له تاوان خۆش ئه‌بێ و به ڕه‌حمه بۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەنـدەكانى ) . وە لەبەر فەرمودەى پێغەمبەرصلى الله عليه وعلى اله وسلم : ( الاسلام يهــدم مـــا كان قبله ، والتوبة تهدم ما كان قبلها ) واتە : ( ئيسلام تاوانەكانى پێش خۆى ويران ئەكاو نايهێڵێ . وە تەوبە كردن تاوانەكانى پێش خۆى ويران ئەكاو نايهێڵێ ) . وە فەرمــودەى پێغەمبەرصلى الله عليه وعلى اله وسلم : ( التائب من الذنب كمن لا ذنب له ) واتــە : ( ئــەوەى تەوبــە ئـەكات لـە تـاوان وەك ئەو كەسەيە كە تاوانى نيە _ تاوانى نەكردوە _ ) . وە ئايەتەكان و فەرمودەكان لەو مانايە زۆرن .

وە داوا لـە خـوا ســبحانه وتعالـــى ئەكـەم كـە حـەقمان بە حەق نيشان بداو شوێن كەوتنـيمان بكـا بـە بـەشمان و نـسيبمان . وە باتڵمـان بـە باتـڵ نيـشان بـداو دوور كەوتـنەوەمان لـێى بكـا بـە بـەشمان و نـسيبمان . وە منەت بخاتە سەرمان و سەر نوســەرەكە وە هەمــوو موسڵمانان بە تەوبەى ڕاست ( نصوح ) . وە پەناى هەمومان بـدا لـە فيتـنە گـومڕاكەرەكان و گـوێ ڕايەڵـى ئـارەزو و شــەيتان . خوا خۆى خاوەنى ئەمەيەو تواناى لەسەرى هەيە .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد ، وعلى اله وصحبه ، ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين .

( مجمـــوع الفتاوى ) المجلد الثامن ( 196 _ 201 ) . من وەرم گرتوە لە كتابى حراسة التوحيد هى پێشەوا عبدالعزيز بن باز رحمه الله



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com